# با به چاوی ئەوانی تریش خۆمان ببینین

**ئیرۆن عومەر**

ڕاگەیاندنی کوردی بە گشتی و نوسەران و سیاسیەکان و تەنانەت ئەکادیمیستەکانیشمان سالأنێکی زۆرە کردوویانە بە نەریت کە هەرچی بێگانەکان لە سەرکردە سیاسی و کەسایەتیە نێودەولەتی و ناسراوەکان و نوسەر و لێکۆلەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەند و ڕێکخراو و حزبەکان و تەنانەت مرۆڤە ئاساییەکان لەسەر کورد دەیلێن و دەینووسن چ لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندن چ لە کەنالی ترەوە ، زۆر بە پەلە دەیگوازنەوە و بەگوێی خەڵکی دادەدەن یان وەردەگێڕدرێن و لە ڕۆژنامەکان بلأو دەکرێنەوە ، هاوکات هەرچی بێگانەکانیتر دەیلێن و دەینووسن کە لەگەڵ بیروبۆچوونی ئێمەی کورد پێچەوانە و ناتەبایە ڕووی لێ وەردەگێڕین و گرنگی پێنادەین و نایگوازینەوە و خەڵکی خۆمان و خوێنەرانی لێ بێئاگا دەهێڵینەوە و کاریگەریەکانی لەبەرچاو ناگرین کە لە دواڕۆژدا بەسەر پەیوەندی ئێمە بەردەرەوەمانەوە جێ دەمێنێ . ئەمە لەلایەکەوە پەیوەندی بە نا پێگەیشتوویی و نابابەتی بیرکردنەوەی زۆر لە ڕۆشنبیر و سیاسیەکانی کوردەوە هەیە لەو ڕوانگەیانەوە کە پێیان وایە مادام ئێمە میللەتێکی ماف زەوتکراوین هەرچی ئێمە دەیلێین و دەمانەوەێ ئەوە ڕاست و ڕەوایە و پێچەوانەکەی دووژمنایەتیە و بەهەمووجۆرێك ڕەتدەکرێتەوە ، بۆ نمونە ڕەنگە خۆرئاواییەك لە دژی پارچە بوونی عێراق و دەرکەوتنی دەوڵەتێکی کوردی لە ئێستادا بوەستێتەوە نەك لە بەر ئەوەی ڕقی لە کوردە و دژی مافەکانیەتی بەڵکو لەبەر ئەوەی پێی وایە دەوڵەتێکی وا بە تایبەتمەندێتی خۆرهەلأتی و ئیسلامی و نا ئامادەیی بنەما ئابووریەکان و تێنەپەڕاندنی پەیوەندیە خێلەکیەکان و کاریگەری ناوچەیی و هەرێمی بەسەریەوە سەرەنجام ببێتە زیندانێك بۆ هاولأتیەکانی خۆی و شێواندنی ئارامی ولاتانی تریش ، کە تا ئاستێك ئەمە بۆچوونێکی لۆژیکیە و گوێی ئێمە پێی ئاشنا نیە، لە لایەکی ترەوە ئەم حالەتە پەیوەندی بە بالأدەستی ئەو هێزە ڕامیاریە کوردیانەوە هەیە کە بەهۆی نەبوونی ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆ و ئازادەوە لەدەرەوەی هەژموونی داخوازی و دارایی ئەوان ئاڕاستەکانی ڕاگەیاندنی کوردی بە ئارەزووی خۆیان دەگۆڕن . ئەمەش وای لەخەڵکی کورد و تاکەکانی کردووە وابیربکەنەوە کورد دۆستانێکی یەکجار زۆری هەیە لە دونیا بەتایبەتی لە خۆرئاوادا و زۆر کەم یان هیچ کەسێ لە دژی داخوازیەکانی نیە ، دیارە ئەمەش هەلە تێگەیشتنێکی زۆر ترسناکە لای ئێمەی کورد ، وامان لێ دەکات تەنها دۆستەکانمان بناسین و دوژمنەکانمان نەبینین ، دڵمان بە پاڵپشتی هەندێکیان خۆش بێت و هەست بە دژایەتی ئەوانی تر نەکەین ، بەوهۆیەوەش ئامادەییمان تێدا دروست نەبێت لەگەڵ بۆچوونە نەیارەکان بە لۆژیکی و نالۆژیکیەکانیانەوە ڕابێین و لێیان نزیك بینەوە و بیاندوێنین و تەفاعولیان لەگەڵ دا بکەین ، سەرەنجام ڕووبەڕووی هەڵوێستی چاوەڕواننەکراو و پێشبینی نەکراو ببینەوە و وەکو پولی دۆمینە هەموو ئامانج و بەرنامەکانمان یەك بەدوای ئەویتردا بەر زەوی بکەون .

لەوە بەدوا مرۆڤی کورد پێویستی بەوە هەیە ئەو تێگەیشتنە تێپەڕێنی کە تەنها بە چاوی خۆی و دۆستەکانی خۆی ببینێ ، پێی وابێ کورد هێندە پێگەیشتووە و تێگەیشتووە کە ئیتر نە فێلی لێ دەکرێت و نە پاشەکشێی پێ دەکرێت ، پێی وابێت بەقەلەمبازێك سەرکەوێتە سەرەوە و یەکە یەکەی پەیژەکان بە هەنگاوەکانی نەژمێرێ ، لەوە بەدوا پێویستمان بەوە هەیە کە خۆمان لە چاوی خەڵکی تر و هێزە نەیارەکانیش ببینین ، پێویستمان بە ناسینی بنەمای بیرکردنەوەی نەیارەکانمان و ئاڕاستە ناوچەیی و هەرێمیەکانی دژ بەخۆشمانە و ڕەوایی بەهەندێکیان بدەین و هەوڵ بدەین خۆمان بخەینە جێگای ئەوان و جولانەوە و گەشەکردنی داخوازیەکانی کورد لەسەر ئەوان و کاریگەری بەسەر دواڕۆژیانەوە هەست پێبکەین و لە مەترسیەکانی ئەوان لە کورد بێئاگانەبین و لەوێوە لێیان بچینە پێشەوە و متمانە و دڵنیایی دروست بکەین ، ئەوە تاکە ڕێگامانە و بۆمان هەیە لە بەیانیەوە چەکەکانمان فڕێ بدەین و دڵنیا بین

که ئەوانیش ئیتر ناتوان بەهۆی چەکەوە ڕێمان پێبگرن و تەنها هونەری سیاسەت و هاوسەنگی و لەگەڵ یەك هاتنەوەی بەرژەوەندیەکان چارەنووس و دواڕۆژمان دیاریدەکەن کە ئەوەش بە خستنە ڕووی هەوڵی خۆمان و دۆستەکانمان و نادیدە گرتنی هەوڵی دوژمنەکانمان و دۆستەکانیان مەیسەر نابێت ، گەڕانەوەی ناچاری هاوپەیمانانیش بۆ جێبەجێ کردنی هەندێك لە ڕاسپاردەکان بیکەر و هاملتۆن دەبێ بمانخاتە سەر ڕاستی ئەو بۆچوونە .